# دروست بوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دەبێت سەرەتا شەقامی کوردی بانگەشەی بۆ بکات

حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ
husin966@yahoo.com

سەرباری ئەوەی ساڵەهای ساڵە نەتەوەی کورد بەدەست حکومەتە سەردەست و داگیرکەرەکانی کوردستانەوە دووچاری پاکتاوی نەژادی و رەشەکوژی و قەلاچۆکردن بووە، ئەو رەگەز و نەتەوە و دەسەلاتە جیاوازانەی لەسەردەم و قۆناغە جیا جیاکانی مێژوودا فەرمەنرەوا وخۆسەپێن بوونە لە کوردستاندا بەراست و چەپدا کەمتەرخەمی و درێغیان نەکردووەلە پیادەکردنی سیاسەتی راگواستن و کوشتن و زیندەبەچاڵ کردن و کۆچ پێکردن تاکو سیما و مۆرکی ئەم نیشتمانە بگۆرن ، پاش ئەو هەموو کوشت و کوشتارە پاش ئەو هەموو وێرانکاری و خاپورکردنە ، پاش ئەو هەموو ئاوارە بوون سەرگەردانیە ، پاش ئەو هەموو هەرشە و داپلۆسینە بۆ گۆرینەی ناسنامەی نەتەوەی و پەیرەوکردنی سیاسەتی تەعریب و تەفریس و تەتریك و....هتد ، هێشتا پتر لە چل ملیۆن کورد لە کوردستانی گەورەدا دەژێت ، سنوری سروشتی و مێژووی خاکی کوردستان زیاتر لە پێنج سەد کیلۆ مەتری دووجا دەبێت ، کورد وەکو نەتەوە تەواوی بنەکانی نەتەوەی تێدا بەرجەستەیە و هیچی لەنەتەوەکانی دیکەی دنیا کەمتر نییە، خاوەنی خاك و مێژوو و زمان و فەرهەنگ و کەلتوری خۆیەتی .

لە جیهاندا دەورو بەری 200 دەولەت هەیە کە خاوەن سەروەریەکانی خۆیانن ، ژمارەی دانیشوانی کوردستان لە نزیکەی نیوەی هەریەك لەو دەوڵەتانە زیاترە لە رووی ژمارەی دانیشتوانەوە ، رووبەری خاکەکەی چەند جارەی زۆر لەو دەوڵەتانە دەبێت لە رووی سنوری جوگرافیەوە، سەر زەوی و ژێر زەوی خاکی کوردستان زۆر بەپیت و دەوڵەمەندەو توانای خۆراکدان و ژیان و گوزەراندنی چەند جارەی دانیشتوانەکەی هەیە ، لە بەرەبەیانی مێژووەوە کورد خاوەن دەوڵەت و فەرمانرەوای خۆی بووەلە دەوڵەتی (ماد )دا ، لە زۆربەی وولاتانی تری گێتی گەلێکی دێرینتر و کونترە لە سەر خاکی خۆی دەژێت کە کوردستانە ، رووبەرووی گشت داگیرکاری و هێرش و پەلامار و شەپۆلی داگیرکاری و فراوان خوازی بووەتەوە و سنگی کردووەتە قەڵغان بۆ پاراستنی خاك و نیشتمانەکەی و رووبارێك خوێن و دەریایەك فرمێسکی لەو پێناوەدا پێشکەش کردووە ، سەرهەڵدان و شۆرش و راپەرینەکانی کورد بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و سەرفەرازی ئەوەندە زۆر و زەبەندن لە ژمارە نایەن ، کەم گەل و نەتەوە هەیە سەرکردەی کارێزمای وەکو سەرکردە و رابەرانی کوردی تێدا هەڵکەوتوو بێت ، لە دێرزەمانەوە هەر لە نغرۆ بوونی یەکەم دەوڵەتی کوردیەوە گەلی کورد شەیدای ئازادی و سەربەخۆی بووە و بێوچان بووە لە کۆشش و خەباتکردن .

لەسەر گۆی ئەم زمینە پان و پۆرەدا هیچ نەتەوەیەك نییە نە ئاماری دانیشتوانەکەی و نەخاوەن رووبەرێکی خاکی ئاوا و نە تێکۆشینێکی لەم چەشن و بابەتەی هەبێت و خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ و قەوارە و کیانی سیاسی خۆی نەبێت ، ئیتر نازانم ئەمە غەدری زەمەن و مێژووە یان قەدەری ئێمەیە لە سەر ئەم خاکە دەژین و دەوڵەمەندە بە ئاو سامانە سروشتی و کانزاکان و سروشتی ناوچەکە وای کردووە هەمیشە جێگای چاو تێبرینی وولاتانی تر بێت وهەمیشە بەداگیرکراوی و ژێر دەستەی بمێنێتەوە، یان ناکۆکی و خۆخۆری و ناتەبایی نێوخۆی کورد وەکو دەڵێن: ( دەردە کورد) هیواکانمانی لە کۆرپەی و لەمەلۆتکەیدا تاساندوە و رێگاکانی دروستکردنی دەوڵەت بوونمانی کردوەتە هەزاران قۆناغ و فەرسەخ ، یان قەدەری ئێمەی کورد وای هانیوە لە نێوان بەرداشەکانی عەرەب و تورك و فارسدا دروست بوون و بوونە دەوڵەتمان بهارن .

سیاسەتوانێکی فەرەنسی لە ساڵانی پیشوودا باسی کوردی کرد بوو کە نەتەوەیەکی بەرێز و میهرەبانە و زۆری خۆش دەوێت بەڵام کاتێك باس لە بەرمیلە نەفتێك دەکرێ هەموو ئەو خۆشەویستیە فەرامۆش دەکرێ وکاڵ دەبێتەوە، ئەی نەتەوە و حکومەتە سەردەستەکانی کورد و کوردستان ئەگەر ساڵانێکە شیلەی رۆحمان دەمژن و خێر و بیری ئەم نیشتمانە دەدزن ، ئەگەر وەکو کویلە تەماشامان دەکەن و پاساوانی بەردرکی

سامانه دزراوەکەی خۆمانمان پێدەکەن ، ئەگەر خۆتان بەگەورە و ئێمە بە بچوك تەماشا دەکەن ، ئەگەر خۆتان بە لێزان و شارەزا و لێوەشاوە تەماشا دەکەن و ئێمەش بە نەزان و کەم توانا ، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە تێڕانینەکانتان بگۆڕن ، ئێمەش هیچمان لە نەتەوەکانی دیکە کەمتر نییە هەقە ببینە خاوەنی دەوڵەتی سەر بەخۆی خۆمان چونکە ئەزمونی ئەم چەند ساڵەی بەڕێوەبردنی کوردستان پاش ئەو هەموو پاشقول گرتنەی ئێوە دەری خست کورد توانای بەڕێوەبردنی هەیە .

تاك و كۆی کۆمەڵگای کوردی پێویستە پرسی دروست بوونی دەوڵەتی کوردی لە دیدگای خەڵکی کوردستانەوە سەرچاوە بگرێت ئەوە ئەرك وەزیفەی هەمووانە دەبێت کەمترخەمی تێدا نەکەین ، بانگەشەی شەقامی کوردی لەمەڕ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی سەرکردە و ڕێبەرانی پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکان ناچار بکات بۆ هەڵگرتنی دروشمی دەوڵەتی سەربەخۆ چونکە ئێمە لە بەردەم باهۆزەیەکی جیهانیدایین کە وورد و درشتی دۆزەکان لە بەردەم تێڕوانینی وولاتە زلهێز و بڕیار بەدەستەکانی جیهاندا دەخوێنرێتەوە ، چونکە گەر ئەمڕۆ ناچاری سەرمان دەکات بە ماڵی دوژمندا خۆ سبەینێ لە پشت ئەمڕۆوەیە و نەوەی داهاتوو ئەوان درێژە پێدەری ئەم کاروانەن .